پەخشانە شیعر

# پیاوێك لە ئاوریشم

مەهاباد قەرەداغی

(بۆ مستەفا گەرمیانی و. . هەموو دەی چوارێک)

کە تۆ لە دایک بووی. . من هێشتا نەبووبووم
بەلاَم ئەو گەردیلانەی دواتر بوون بە نوتفەی پێکهێنانی من
لە کۆلاَنەکانی کەرکووکدا بۆ تۆ دەگەران. .
تۆ پێنج ساڵ بوو کورێکی هاری ئاقڵ بوویت و. .
کە پەنجەت بەر گەردیلەکانی ئەو پەپوولەیە دەکەوت. . کە دواتر بوو بە من
موچورکێک رایدەچەناندی
گەردیلەکانیش سەرپەنجەکانیان ماچ دەکردی.
. . .
کە من لە دایک بووم، تۆ ئەستێرەکانی پێنج هاوینت ژماردبوو
گەلاَکانی پێنج پاییزت لە توورەکەی رۆژگار نابوو
راوەدووی پەپوولەکانی پێنج بەهار کەوتبووی و. .
لە ناو ئەوانەدا تەنها گەردیلەکانی پەپولەی رۆحی منت لە ئامێز نابوو
لەبەربارانی پێنج زستانی کورکووکدا باوەگوڕگوڕت کردبوو بە چەتر.
کە من لە دایک بووم،
دوو ئەستێرە لەوانەی کە پرشنگدارترینی ناو هەموویان بوون
دەمیان لەناو دەمی یەکتر نابوو. . دەتگووت یەک ئەستێرەن.
. . .
دەی چواری هەشتای سەدەی رابردوو. .
درەوشانەوەی یاقووتی ئەموستیلەی تەمەن
لە تاریکیدا تۆی نیشان دام و. . منی نیشاندایت
کە دیتمی. . پزیسکێکی باوەگوڕگوڕ لە چاوەکانتەوە هەلاَیسابوو
تۆ و کەرکووکم پێکەوە خۆش ویست و. .
بوون بە بەشێک لە بوونم.
. . .
بیست و حەوتی چواری هەشتای سەدەی رابردوو،
سەدەی دۆزەخ و سەدەی ئەنفال و سەدەی مەرگی جوانییەکان
زیندان منی قووتدا و، مەراقیش تۆ!
ئەشکەنجە منی ئەنجنی و. . کۆچیش تۆ!
لە تاریکی ئەو ساڵەدا لە یەکتری ون بووین و. .
لە رۆشنایی راپەریندا یەکتریمان دۆزیوە!
. . .
سەرینێک سەری سەوداییمانی لە باوەش گرت و. . کردینی بە هاوسەر

ئێستا. .
هەموو ڕۆژێک سەرسامترم دەکەی،
دەمخەیتە نێو ڕامانێکی زیووینەوە
لەو سۆزە سەرسام دەبم کە هیچ ئۆقیانووسێ نایگاتێ
لەو نەرمییە سەرسام دەبم کە لەم سەدە جەنجاڵەدا دەوری دەروونی تۆی داوە
لەو خۆشەویستییەی کە خەڵتانی کردووم لە ڕامان
لەو دڵسۆزییەی کە پڕە لە باران
تۆ پیاوێکی لە ئاوریشم!
هەموو ساتێ خۆشترم دەوێی!
. . .
دەی چواری ئەمساڵ،
ساڵی ڕژانی جامی پڕبوو لە تاوان و،
ساڵی لێوانلێوبوونی کاسەی مەراق و. .
ساڵی تژیبوونی تۆ لە تاسەی دووری کەرکووک
دەی چواری ئەمساڵ
سەیری یەکتریمان کرد و. . تێر فرمێسکمان ڕژاند!
یادی عەشقی ئێمە و. . ئازادبوونی کەرکووک ئاوێزانی یەکتری بوون!
ئای کە خۆشە عەشق لە سایەی ئازدیدا،
ئای چەندم تۆ و ئازادی خۆش دەوێ!
چ پەرجوویەک بوو عەشقی من و تۆ و کەرکووکی پێکەوە گرێدا!
چەند بەختەوەرم کە تۆم هەی!
. . .

٢٠٠٣/٤/١٢

www.kurdistannet.org کوردستان نێت